# پێگەیشتن بە سوسیالیزم

## بەشی سێهەم




**نووسینی: هێری مێگداف، فێرد مێگداف**

**ناسری ئەمین نژاد کردوویە بە کوردی**

## و. سەرمایەداری بە بیچمی ئینسانی؟! رفۆرم و دژەرفۆرم

دەکرێ بۆ نەرمکردنی ئاسەواری ئەو کاولکارییانەی کە بەرئەنجامی کارکردی ئاشکرای نیزامی سەرمایەداری لەسەر کۆمەڵگا و ژینگەیە هەندێک رفۆرم بەرێوەبچێ. لەم رێگایەدا گەلێک هەنگاو بۆ باشکردنی بارودۆخی کرێکاران لە وڵاتانی سەرمایەداری پێشکەوتە هەڵگیراون، وەک کەمکردنەوەی ماوەی کاری رۆژانە و حەفتانە، مافی پێکهێنانی یەکێتی، بیمەی کۆمەڵایەتی و سندوقی خانەنشینی دەوڵەتی، بردنەسەرەوەی داهاتەکان و یاسای پاراستن لە شوێنی کار. لەگەڵ ئەوەشدا خرابتربوونی بارودۆخی نیگەرانی هێنەری ژینگە کارێکی کرد کە هەر لەو وڵاتانە هەندێک رێوشوێن بۆ چاککردنی وەزعی نالەباری چۆنایەتی ئاووهەوا و(پاراستنی ژینگە) بەرێوەبچێ. بەڵام هەر بەوجۆرەی کە ئەمرۆ لەم وڵاتانەدا دەیبینین، سەرمایە دەرفەتی ئەوەی هەیە ئەم دەسکەوتانە پێشێل بکات کە لە ئەنجامی خەباتی سەخت و دژواری چینی کرێکار هاتونەتەدەست. لە دەورانەکانی هەڵکشان و داکشانی خەباتی چینایەتیدا هەرکات تای تەرازو بە قازانجی سەرمایە قورس بێ، ئەوا هەوڵ دەدات نەک هەر هەموو دەسکەوتەکان پێخوست بکات، بەڵکو هەلومەرجەکەش هەڵگەرێنێتەوە بۆ ئەو دەمی کە کەمترین بەرپرسیارەتی دەخستە سەر شانی خۆی کەچی زۆرترین مەیدانی مانۆڕ و تەڕاتێنی هەبوو.

سەرمایە پاش کۆتایی هاتنی شەڕی دوهەمی جیهانی لە ترسی لافاوی شۆڕش کە دەیتوانی هەموو قەوارەکەی ڕامالێ و بۆ سازکردنەوەی وڵاتانی



شەڕلێدراو کە بە بێ یارمەتی کرێکاران نەدەکرا، سازدانی دەوڵەتی „رفاه“ لە بەشێکی گەورەی ئوروپای دەستپێکرد و ملی بۆ پشودانی بەحەقدەست و بەرزکردنەوەی کرێ ڕاکێشا. دەوڵەتی ئالمان تەنانەت کرێکارانیشی هێنایە ناو کۆڕی بەڕێوەبەریی شیرکەتەکان. لە ئەمریکاش ئەم بەرنامەیە لەسەردەمی „نیودیل رۆزوڵت“ەوە دەستی پێکرد ولە شەستەکاندا بەرنامەی نوێشی پێ زیادکرا.

دوابەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی دوهەمی جیهانی، ئابوری وڵاتەکان بەخێرایی خەریکی خۆسازدانەوە بوون و شۆرشی ئۆتومبیل و بەرفراوان بونەوەی قەراغ شارەکان بە هەموو بەرئەنجامەکانیانەوە بەگەرمی ئابورییەکانی خستبوەگەڕ و پوڵێکی زۆریش هاتبوە دەست. ئەم پووڵە نەک هەر دەیتوانی بوجەی دەوڵەتەکان دابین بکات، بەڵکو لەتواناشیدا هەبوو حەقدەستی کرێکاران بباتەسەر و هاوکات قازانجێکی مۆڵیش بخاتە گیرفانی سەرمایەدارییەوە. کاتێ ئابوری بەخێرایی پەرە دەسێنێ ئاستیماڵیاتەکان بەبێ خەماندوکردن دەچێتە سەر و لە ئەنجامدا دەتواندرێ بوجەی پێویستیش بۆ بەرنامەی نوێ دابین بکرێ. لە شەستەکاندا دڵەڕاوکەی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی پشتگیری خەڵک لەشەری سارد ـ بەتایبەت لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ـ هۆکارێکی دیکەبوو بۆ زیادکردنی بەرنامەکۆمەڵایەتییەکان. هەموو ئەو شتانەی کە بەکردەوە دەرهاتن بەسترابوەوە بە ورەی خەباتگێڕانەی یەکێتییەکان و شێوەکانی دیکەی خەباتی چینایەتی، وەک بزوتنەوەی ڕەشەکان بۆ وەدەست هێنانی مافە مەدەنی و ئابورییەکانیان. بەڵام بە پەرەساندنی خێرا و بەردەوامی ئینحسارەکان ململانێی نێوان وڵاتەکانیش کرژتر بوەوە و بەرە بەرە ئیتر ئەو هێزە نوییە(وەک کۆتایی شەڕی دوهەمی جیهانی تا دواساڵی شەستەکان) لەگۆریدا نەما کە بەپەلە پاڵ بە ئابورییەوە بنێ و خێرا گەشەی پێبدا.

لە حەفتاکاندا دابەزینی ئابوری سەری هەڵدا. ئەودەمی سەرمایە بەچەند شێواز دەستیکردەوە، یەکێکیان گۆڕینی ستراتیژی سەرمایەدانان، تا بتوانێ پلەی قازانجکردن هەروا بەرز ڕابگرێ. بەمجۆرە سەرمایەگوزاری لە بەشی

بەرهەمهێنانی کەلوپەلی مادی گوێزرایەوە بۆ سەرمایەگوزاری لە بەشی خزمەتگوزارییەکان و سفتە و قەرز و قۆڵەی ناو بۆرس لە بازارە ماڵییەکان. کۆمەڵگای سەرمایەداری لەم دەورانەدا و پاش دەستپێکردنی دابەزینی ئابوری هەر وەک پیشەی مێژویی خۆی لە دەورانەکانی قەیران، ئەمجاریش قورسایی ئەم بارگرانییەی دابەزینی ئابوری، میلیتاریسم و شەڕی خستە سەر شانی چینی کرێکار و خەڵکی وڵاتە داگیرکراوەکان. بەرزترین توێژەکانی کۆمەڵگا هەر لەهەمان سەرەتای هەشتاکانەوە شەڕێکی شێلگیری چینایەتییان بە مەبەستی هێنانە خوارەوەی سەرانەی ئینحسارەکان و دەوڵەمەندەکان وەڕێ خست. توێژی خاوەن دەسەڵات و سەرمایەدار لەم ساڵانەی دواییشدا هەر وەک ئەودەم بەڵام بە توندوتیژییەکی زیاتر بەربەرەکانێیەکی خەستیان بۆ سڕینەوەی بەشێکی زۆر لە مافەکانی کرێکاران دەستپێکردوە. هێرش دەکەنە سەر بەرنامە رفاهییەکان، کۆسپ دەخەنە سەر پەیوەست بون بە یەکێتییە کرێکارییەکان، رێگا بۆ دەرکردنی کرێکاران خۆش دەکەن، موچە و مافی خانەنشینی دەهێننە خوار و داوا دەکەن خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان تایبەتی بکرێن و هەوڵ دەدەن بیمە کۆمەڵایەتییەکانی کرێکاران بدەنە دەست بەشی تایبەتی. هێزە خۆپارێزەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا قەت ملیان بە بەرنامە کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەت نەدا. مەبەستیانە هەموو ئەو شتانە بسڕنەوە کە لە سەردەمی „نیوویل فرانکلین رۆزوێلت“ و „ کۆمەڵگای گەورەی“ شەستەکانەوە دەستی پێکرابوو. دەیانەوێ ئەم بارودۆخە هەڵگەڕێننەوە بۆ دەورانێک کە دەوڵەت دەورێکی بەرچاوی لە پشتگیریکردنی مافەکانی کرێکاران نەدەگێڕا. ئێستا سەرمایە لە ئۆروپاشدا هەوڵێکی هەر لەوجۆرە بۆ هێنانە خوارەوەی پشتگیری لە مافەکانی کرێکارانی – بە بیانوی ململانێ کردن لەگەڵ بازارەکانی جیهانی – بەدەستەوەیە.

هەوڵدان بۆ نەهێشتن و سڕینەوەی ئەو بەرنامانەی کە ئاوڕ لە کرێکاران و هەژاران دەداتەوە، بەر لە هەرشتێک دەگەڕێتەوە بۆ تێرنەخۆری، خۆویستی و هەرکەس بۆخۆیی و ڕقەبەری کە بەشێکن لە تایبەتمەندییەکانی نیزامی سەرمایەداری و لەگەڵی گەورە بوون. ڕەنگە سەرمایەداری تەنیا بۆ قۆناغێکی



دەگمەن و کورت بتوانێ „بیچمێکی ئینسانی“ بەخۆوەبگرێ، بەڵام هەرگیز ناکرێ لەسەر وردە هەنگاوی چاکەکاری(رفۆرمیستی) کە دەسکەوتێکی زۆر کەم و بچوکی تێدایە حساب بۆ ئەوە دابندرێ کە ئەمانە دەتوانن کۆمەڵگایەکی بەراستی ئینسانی بخولقێنن. هەر ئێستا دەبینین کە بەچونەسەرەوەی دەسەڵاتی سەرمایە بەسەرکاردا، بزوتنەوەی دژی رفۆرم وەڕێ خراوە و شەڕێکی چینایەتی یەک لایەنە لەسەروە ڕەوتێکی ئاسایی بەخۆوە گرتووە. لێرەدا خاڵی گرینگ ئەوەیە کە هەموو دزێویەکانی ئەم کۆمەڵگایە هەر لە بێعەداڵەتی، مەینەت و هەژاریەوە بگرە هەتا تێکدانی ژینگە و بەکارهێنانی خێرا و بەپەلەی سەرچاوە سروشتییەکان – بە بێگویدان بەوەی کە جێگاکەی پڕدەبێتەوە یان نا – لە ناوەڕۆک و سروشتی سەرمایەدارییەوە سەرچاوە دەگرێ. هەروەها بەدەستەوە گرتنی گۆپاڵی ئابوری، سیاسی و نیزامی لە لایەن وڵاتانی ئیمپریالیستی ناوەند بۆ خۆ خزاندنە ناو وڵاتانی قەراغ و دادۆشینیان هەر لە هەمان سروشت و ناوەڕۆکەوە هەڵدەقوڵێ.

ئەم دەرئەنجامە ڕەش و دزێوانە لە گەراکانی نیزامی سەرمایەدارییەوە شین دەبن و لەوە زیاتر چی لێ بەرهەم نایەت. بۆیە بەڕاستی دامەزراندنی نیزامێکی نوێ پێویستە و دەربازبوون لەم نیزامە هەروا شتێکی لەخۆڕا و بەئارەزو نیە، ئەمە پێویستییەکی لەچار نەهاتووە، بەرین بوونەوەی مەینەت و هەژاری و بەرتەسکییەکانی ژینگە بەسەریدا سەپاندووین. داهاتوو دەرفەتی کەمی لە پێش داناوین، دوو رێگامان لەبەردەم دایە، یان تێپەڕین بەرەو فاشیزم و ڕفێن ڕفێن یان دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی گشتی و هەرەوەزی کە بتوانێ پێداویستییە ئەساسییەکانی هەموو مرۆڤایەتی دابین بکات.

## ٣. دەرسەکانی تێکچوونی کۆمەڵگاکانی پاش شۆڕشی „سوسیالیستی“

ئاستی هەژاری و نەداری خەڵکی جیهان هەر لە بەرزبوونەوەدایە. مەترسییەکانی نیزامی سەرمایەداری بۆسەر ژینگە تادێ گەورە و گەورەتر دەبێتەوە، دەبێ چی بکرێ؟ „نۆرا کاستاندا“ دامەزرێنەری بانکی ژنان لە وڵاتی „ڤێنزوێلا“ لەم بەینانەدا وڵامێکی ساکاری بەم پرسیارە داوەتەوە، دەڵێ: „

ئێمە خەریکی ئەوەین ئابورییەک دامەزرێنین کە لە خزمەتی ئینساندا بێت، نەک ئەوەی ئینسانەکان لە خزمەتی ئابوری دابن".

ئەم رونکردنەوەیە دەتوانێ دەربڕینی ئامانجی ئەساسی سوسیالیزم و دەنگدانەوەی هیوای چەندین ملیارد ئینسان بێت. بەڵام ئەوگۆڕانکارییانەی کە پاش دوو شۆڕشی گەورەی سوسیالیستی لە شۆڕەوی و چین هاتنە گۆڕ، ئاسۆی داهاتووی سوسیالیزمیان لەبەرچاوی بەشێکی زۆر لە هیزە چەپەکان لێڵ و تەماوی کرد و تۆزی دڵساردی و بێ هیوایی بەسەردا پڕژاندون.

بەداخەوە گەلێک لە ئێمە زۆر سادە و روتێنی دەڕوانینە مێژوو، ئەو کۆسپ و دژایەتییانە نابینین کە لەسەر ڕێگای گەیشتن بە نەزمێکی نوێی کۆمەڵایەتی سەردەردێنن. کۆمەڵگاکانی پاش شۆڕش دەسکەوتی زۆر گەورەیان هەبوو، کار بۆ هەموان، خزمەتگوزاری گشتی بۆ تێکڕای کۆمەڵگا، پیشەیی کردن، درێژکردنەوەی تەمەن، هێنانەخوارەوەی ڕێژەی مردنی منداڵان و زۆر شتیدیکە لەو دەسکەوتانەن. ئەم شۆڕشانە ڕێگای چوونە پێشەوە بەرەو سوسیالیسمیان پیشاندا. بەڵام پاش ماوەیەکی کورت بەرەو نیزامێکی کۆمەڵایەتی بایان دایەوە کە نە سەرمایەداری بوو نە سوسیالیستی و ئاخرەکەی هەر دووکیان کتومت کەوتنەوە سەر هێڵی سەرمایەداری. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە باشە چی قەوما و بۆچی ئەم شۆرشانە بەلارێدا هەڵخلیسکان؟ داخوا ئەم بادانەوە دەرسی بۆ ئێمە تێدایە و لە داهاتودا و بۆ گرتنە بەری ملی ڕێگایەکی رادیکاڵ، واتە سوسیالیسم بۆ ئەوە دەشێ شتی لێ فێربین؟ دۆزینەوەی وڵامێکی بێگرێ و پڕبە پێست زۆر ئەستەمە و ئێمەش ئیدعای ئەوەمان نیە کە وڵامی هەموو ئەو پرسیارانەمان لەبەر دەست دایە و دەیزانین. ئێمە لێرەدا تەنیا دەمانەوێ بە خوێندنەوە و لێکدانەوەی هێڵە گشتییەکان، سیمایەک بەدەستەوە بدەین کە بتوانێ یارمەتیدەر بێت بۆ لێتێگەیشتن و دەرککردنی ئەو تێکشکانانە.

ئێمە پێمان وایە دەکرا خۆ لەو لادانانە بپارێزن، ئەوە شتێکی لەچار نەهاتو نەبوو. هۆکارەکانی تا ڕادەیەکی زۆر دەگەرێنەوە بۆ هەڵومەرجێکی دیاری مێژوویی، تا ڕادەیەکی زۆر گیان سەختی تاقمە کۆمەڵایەتییەکانی پێشوو و



شێوەی بیر و باوەری کۆن دەوریان هەبووە لە مانەوەی بیروباوەڕ و فەرهەنگی سەرمایەداری. لەم دوو وڵاتە نەریت و بیر و باوەری سەرمایەداری لە جێگای خۆی مایەوە و هاتە خزمەت کۆڕوکۆمەڵی دەسەڵاتدارانی نوێ. بەشێکی زۆری ئەمانە لەگەڵ ئەوەدا کە نەریتی دەسەڵاتدارانی نوێیان پاراستبوو، بە شوێن بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆشیانەوە بوون و گەیشتن بە پلەی بەرزتر لە ریزبەندی حکومەت و دەسەڵاتی نوێیان مەبەست بوو. حکومەتی نوێ دموکراسی ڕاستەقینە، واتە بەشدارکردنی هەمەلایەنەی کۆمەڵانی بەرینی خەڵک لە دیاریکردنی سیاسەت و گشت چالاکییەکانی کۆمەڵگای راگەیاند، بەڵام هەر لە قسەدا مایەوە و وەک پێویست ڕەچاو نەکرا. یەکێک لە دەرسەکان، ئەگەر نەڵێین گرینگترین درەس و ئەزمونی کۆمەڵگاکانی پاش شۆرش سەلماندنی ئەوەیە کە سوسیالیسم بەشەوێک دانامەزرێ و گۆڕانکاری لە قەوارەی کۆمەڵایەتی و نەریت و فەرهەنگی جەماوەری خەڵک ڕێگایەکی دورودرێژی دەوێ. ئەمە ڕێگایەکی زۆر دژواری پڕ لە کەندولەند و داو تەڵەی جۆراوجۆرە."ماو تسە تۆنگ" ئەم مەسەلەیە ئاوا باس دەکات: ‹‹مارکسیزم لنینیزم و ئەزمونەکانی یەکێتی سۆڤیەت و چین و باقی وڵاتانی دیکەی سوسیالیستی فێرمان دەکەن کە کۆمەڵگای سوسیالیستی دەورانێکی مێژویی دورودرێژی دەوێ. لە سەرانسەری ئەم ڕێگایەدا خەباتی چینایەتی نێوان بورژوازی و پرۆلتاریا درێژەی هەیە و هەڵبژاردنی ڕێگای سەرمایەداری یان سوسیالیسم هەروا بە ئاسانی یەک لایی نابێتەوە و مەترسی گەڕانەوە بەرەو سەرمایەداری هەر لە گۆڕێدا دەمێنێ.››[1]

دەورانی تێپەڕاندنی دورودرێژی بەرەو سوسیالیسمی پێگەیشتوو پێویستی بە نەریتێکی بەڕاستی نوێ هەیە کە لێواولێو بێت لە روانگە و دیتنی نوێ. دەبێ ئەوە بزاندرێ کە روانگە و جۆری بایەخەکان، بیروباوەر و نەریت

[1] Mao Zedong, „ On Khrushchev’s Phony Socialism and Its Historical Lessons fort he Word; Comment on the open Letter of the Central Committee Of the CPSU“ 1964

و داب و ڕیسا باڵادەستەکانی سەرمایەداری زور بەهێز و گیان سەختن و بە شەوێک ناگۆردرێن. ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە نەک هەر هاندەری خۆ بەگەورەزانی، چاوبرسییەتی، خۆویستی و نەریتی یەکتر هەڵدڕینی گورگانەیە، بەڵکو لەوەش واوەتر هەر پێویستی بەم نەریتانە هەیە. لەحاڵێکدا کە سوسیالیسم یارمەتیدەر و پێگەیەنەری بیروباوەری گشتی و هاوبەشیەتی ئینسانییە و بەوردی لەگەڵ کارکردێکی جیاوازتری کۆمەڵایەتیدا دەکاڵێتەوە، ئەم کۆمەڵگا جیاوازە پێویستی بەو بیروباوەڕ، فەرهەنگ و ئاکارانە هەیە تا بتوانێ لەسەر قاچی خۆی بوەستێ و یارمەتی پێبدات. ئامانجی سەرەکی و بناخەیی سوسیالیسم ئەوەیە کە دەستی هەموو خەڵک بگرێ، ڕیزبەندی دەسەڵاتداریەتی نەهێڵێ و بەسەر جیاوازییەکانی پلەوپایەدا زاڵ بێت و بەرەو بەرابەری کۆمەڵایەتی هەنگاو ببڕێ. مارکس لە باری فەلسەفییەوە ئەم مەسەلە دژوارە، واتە تێپەڕبوون بەرەو کۆمەڵگایەکی ئەوها و پێکهێنانی گۆڕانکارییەکی بەوجۆرە، ئاوا لێکدەداتەوە و دەڵێ:

‹‹ ئایینێکی ماتریالیستیی کە پێیوایە ئینسان بەرهەمی بارودۆخ و چۆنیەتی بارهێنانە و بۆ گۆڕانی ئینسانەکان دەبێ هەلومەرج و جۆری بارهێنانی ئینسان بگۆڕدرێ، لەبیری دەباتەوە کە ئەوە ئینسانەکانن کە هەلومەرج دەگۆڕن و بارهێنەر دەبێ بۆخۆی پێشتر باربێت. کەوابوو ئەو ئایینە لەچارنەهاتووە کۆمەڵگا دەکاتە دوو بەش کە یەکێکیان بەسەر کۆمەڵگادا سوارە. نزیکی و هاوشانبوونی گۆڕانکاری لە هەلومەرج و هەڵسووڕانی ئینسان تەنیا لە کردەوەی شۆڕشگێڕانەدا دەرک دەکرێ و دەتوانین لێیتێبگەین››[2]

کاکڵی مەبەستی مارکس لەو ڕستەیەیدا ,,کردەوەی شۆڕشگێڕانە“یە، ئەمە هیچ مانایەکی نیە جگە لەوەی کە دەبێ کۆمەڵانی خەڵک بەشدارییەکی چڕوپڕ و هەمە لایەنەیان هەبێ بۆ بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی نوێی، ئەمەش پێویستی بە ئازادی بەرینی کۆمەڵانی خەڵک و هاندانیان بۆ ڕەخنەگرتن لە ڕێبەرەکان و لێ هەڵپێچانەوەی جۆری سیاسەتەکانیان هەیە.

[2] Karl marx, Theses on Feuebach, 3rd, Thesses



## ١. ئەزموونی یەکێتی سۆڤیەت

تێکشکانی ئەزمونی دامەزراندنی کۆمەڵگای سوسیالیستی لە یەکێتی سۆڤیەت دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆکارێک. لەم وڵاتەدا سەرەڕای باشتربوونی بنەڕەتی کۆمەڵگا لەبابەت خوشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتی پیشەییەوە هیچکات ڕێبازێکی سوسیالیستی رۆشن و سەقامگرتوو بەرێوە نەچوو، هەڵبەت ئەو سوسیالیسمەی کە مارکس مەبەستی بوو. یەکێتی سۆڤیەت ئەگەرچی وڵاتێکی سەرمایەداری نەبوو، بەڵام سوسیالیستیش نەبوو. ئێمە پێشتر زۆرجار لە لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارەدا (مانتلی ریویو) بەتێر و تەسەلی ڕوانگەکانی خۆمان لەسەر تەنگوچەڵەمە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی یەکێتی سۆڤیەت هێناوەتە بەرباس.[3] لێرەدا نامانەوێ جارێکیدیکە دوپاتیان کەینەوە، بەڵکو تەنیا کورتە و گوڵبژێرێک لە بابەتە بنچینەییەکانی ئەو باسانە دەخەینەوە بەرچاوی خوێنەر.

شۆرشی مەزنی ساڵی ١٩١٧ بەڕاستی دنیای هەژاند، بەڵام کۆمەڵگای دوای شۆرش لەگەڵ گەلێک مەترسی گەورە بەرەوروبووە. چوار ساڵ شەڕی ناوخۆیی کۆمەڵگای سۆڤیەتی لەبەریەک هەڵتەکاند، بەشێکی گەورەی ژێرخانی ئابوری تێک تەپاند و مەرگ و کاولکارییەکی زۆریشی بەدوای خۆدا هێنا. جگە لەم کۆسپە ناوخۆییانە، مەترسی بڕیاری زلهێزەکان(وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئینگلیس و فەرانسە) بۆ نەهێشتنی بنەڕەتی شۆرشی بۆلشویکی لە گۆڕێدا بوو. بەڵام یەکێتی سۆڤیەت سەرەڕای هەموو ئەم گیروگرفت و کۆسپە گەورانە هەر ئەوەندەی توانی پشویەک بدات و هەناسەیەکی بەئاسودەیی هەڵکێشێ، بەخێراییەکی بێ پسانەوە قۆلی هەڵماڵی بۆ ئەوەی بتوانێ دەرفەتی دەست پیڕاگەیشتنی عادڵانە بە خانووبەرە، فێرکردن و بارهێنان و خزمەتگوزاری پزشکی و ئاگاداریکردن لە پیروپەککەوتەکان بۆ جەماوەری خەڵک دابین بکات. خاڵێکی بەڕاستی بەرچاو و شکۆداری ئەو هەوڵانە دابین

[3] Prestroika and Future of Socialism – Part 1&11 March & April 1990 / “Are There Lessons to be Learned Feb-1991” / A Note on Mrket Socialism” –May 1995, and Paul Sweezy, “ Post Revolutionary Society” ( New York Monthly Review Presse 1980

کردنی گشتیی کاری بەردەوام بوو بۆ کۆمەڵانی خەڵک، ئەمەش دروست لە کاتێکدایە کە ئەو دەم تێکڕای ڕۆژئاوا لە قەیرانێکی قووڵی ئابوریدا ڕۆچوبوو. لەو ساڵانەدا تەنانەت لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی سەرمایەداریدا لەسەریەک ٢٠ تا ٣٠ لەسەدی خەڵک بێکار بوون.

,,هێری مێگداف“ لە گەرمەی شەری دوهەمی جیهانیدا کاری ئامادەکردنی بەرنامەیەکی بۆ شیرکەتە بەرهەمهێنەرەکانی کەرەسە و ئامرازی ماشینی بەدەستەوە بوو، سەردانی ئەو شیرکەتانەی دەکرد، خاوەنی ئەو پیشانە زۆرجار پێیان دەوت، یەکێتی سۆڤیەت لە ماوەی قەیرانی ئابوریدا بەلێشاو بەرهەمەکانی ئێمەی دەکڕی کە بۆ بەرنامەی ٥ ساڵەی یەکەم پێویستی پێی بوو. ئەم داوایانە شیرکەتەکانی ئێمەی بوژاندەوە، سەرەڕای ئەمانەش یەکێتی سۆڤیەت بە پشت ئەستوری بە تواناکانی خۆی وڵاتێکی دواکەوتووی ناپیشەیی کردە وڵاتێکی پیشکەوتەی پیشەیی، وڵاتێک کە توانی ئەرتەش و هێزی هەوائی خۆی باش تۆکمە بکات، بەجۆرێک کە نەک هەر لەبەرامبەر دەستدرێژییەکانی ئاڵمان خۆ ڕابگرێ، بەڵکو نەخشێکی گەورەش بگێڕێ لە تێکشکانی نیهایی ئەرتەشی ئاڵمانی هیتلێریدا. لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبێ بڵێین کە ئامانجی نیهایی سوسیالیسم هەر لە هەمان ساڵەکانی سەرەتای شۆڕشدا، زیاتر بە هۆی پەرەگرتنی بورۆکراسی تاقانەگەری و میرمەزنی هاورێ لەگەڵ ناسیۆنالیزمی لادەر تا ڕادەیەکی زۆر بەلاڕێدا کێشرا.

## بوروکراسی و ناسیۆنالیزم

کۆمەڵگای دوای شۆڕشی ئۆکتۆبر بە توندی لە کۆمەڵگایەکی دڵخوازراوی سوسیالیستی، کە لەلایەن مارکس و ئنگێلسەوە پێشنیارکرابوو، دووردەکەوتەوە. مارکس و ئنگێلس هیچ نوسخەیەکی دیاریکراویان بۆ کۆمەڵگای نوێ دەست نیشان نەکردبوو، هەروەها زۆر بە وردی پێشبینی ئەوەیان نەکردبوو کە چ تەنگ و چەڵەمە و ئاستەنگێک دێنە سەر ڕێگای گەیشتن بە سوسیالیسم. لەگەڵ ئەوانەشدا بە وردی دەرفەتەکانی سەرکەوتن و تێکشکانە دەورەییەکان، دۆران و بردنەوەکانی ئەم خەباتەیان تا ڕاگوێزانی دەسەڵات لە چینە داراکان بۆ چینی هەژار و سەقامگرتنی تەواوەتی ئەو



دەسەڵاتە نوییەیان پێشبینی نەکردبوو، بەڵام بە پشت بەستن بە ئەزمون و فێربوونەکانیان لە ڕەوتی ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیاندا و تەئیدکردنی بنەماکانی کۆماری خەڵکیی، بەقووڵی باوەڕیان بە سەرکەوتنی سوسیالیسم هەبوو. هەرگیز لە سەرکەوتنی نیهایی سوسیالیزم نەکەوتنە دردۆنگییەوە. هەر بەم بۆنەوە نەک هەر پێشوازییان لە کمۆنی پاریس کرد، بەڵکو خستیانە بەر لێکۆڵینەوەی ورد و هەمە لایەنەی خۆیان. مارکس نامیلکەی ,,شەڕی ناوخویی لە فەرانسە“ی نووسی. ئنگێلس لە پێشەکی ئەم نامیلکەیەدا بە ئاشکرا و بەتایبەت ئاماژە بە سیاسەتە سوسیالیستییەکانی کمۆن دەکات. بەڕای ئنگێلس هەوڵدانی کمۆن بۆ بەرقەرارکردنی ڕێگا چارەیەکی خۆپاراستن لە بەرامبەر پێکهێنانی جۆرە ڕێبەرایەتییەک کە دواتر ببێتە ئاغایەکی نوێ، گرینگییەکی مان و نەمانی هەبوو. دەنووسێ: ‹‹ کمۆن هەر لەسەرەتاوە بەناچار بۆی دەرکەت کە کاتێ چینی کرێکار دەگاتە دەسەڵات ناتوانێ بە دامودەزگای دەوڵەتی کۆنەوە وڵات بەڕێوە ببات. بۆ ئەوەی نەدۆڕێ و سەرکەوتنەکانیشی مسۆگەر بکات، دەبوو لە لایەک هەموو دامودەزگای سەرکوتکەری کۆن، کە پێشتر لە دژی خۆی بەکار دەهاتن، داروخێنێ و لە لایەکی دیکەش خۆی لەبەرامبەر نوێنەرەکان و کاربەدەستە هەڵبژێردراوە تازەکانی خۆشی بپارێزێ... تا لە دەوڵەت و ئامرازێکی خزمەتکردن بە کۆمەڵگاوە نەبن بە ئاغا و کوێخایەکی تازە بەسەر کۆمەڵگادا، ئەوشتەی کە هەموو دەوڵەتە کۆنەکان لە چارنەهاتووانە بەسەریاندا هاتووە. کمۆن بۆ ئەم تێبینییە کەڵکی لە دوو ڕێگای بێ هەڵە وەرگرت:

١. بڕیاریدا کە دەبێ هەموو کاربەدەستانی ئیداری، دادوەری و بارهێنان لەسەر ئەساسی هەڵبژاردنی گشتی دیاری بکرێن، بەو مەرجەش کە بە بێ قەید و شەرت هەرکات دەنگدەران داوایان لێکردن بکشێنەوە.

٢. موچەی هەموو کاربەدەستان لەسەرەوە هەتا خوار بە قەدەر کرێی کرێکارانیتر دیاری کرا... لەم ڕێگایەوە کۆسپێکی کارا لەبەردەم پلەویستی و مەزنخوازی و تێرنەخۆری داندرا. ئەمانە جگە لە بڕیاری

ڕەچاوکراوی پێویستی دیکە بوو کە بە نوێنەرانی بنکە هەڵبژاردەییەکان ڕاگەیاندرابوو.››

شۆڕشی ئۆکتۆبر بە پێچەوانە کەوتە بارودۆخێکی تایبەتی کە پەرەساندنی بورۆکراسی لێکەوتەوە و دواتر کۆمەڵگای سۆڤیەتی کەوتە بن دەست. جێی خۆیەتی لێرەدا ئاوڕێک لە دیتنەکانی ترۆتسکی لە ئاخروئۆخری شەڕی ناوخۆییدا بدەینەوە؛

‹‹ ناردنە ماڵەوەی ئەرتەشی سووری ٥ ملوێنی دەورێکی زۆری لە خولقاندنی میرمەزنی (دیوانسالاری) گێڕا. فرەماندە سەرکەوتووەکانی شەر پلەی بەرزیان لە شۆڕا خۆجێییەکان، ئابوری و بەشەکانی فێرکردن و بارهێنان بەدەست هێنا. ئەمانە شێلگیرانە و بەردەوام سیستمێکیان دروست کرد کە سەرکەوتنی لە شەڕی ناوخۆییدا دەستەبەر کردبوو. بەمجۆرە و بەرە بەرە کۆمەڵانی خەڵک لە هەموو شوێنێکدا لە هاوبەشیکردنی بەڕێوەبەریی وڵات دوور خرانەوە››[٤]

نەریتی مەزنخوازی لە ماوەی سەردەمی دژوار و پڕ لە گێژەنی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی و دوابەدوای ئەویش شەڕی ناوخۆییدا وەک لووی سەرەتان تەشەنەی ساند. هێندەی پێنەچوو کە چاوێریی ئابوریی و کۆمەڵگا بە گشتی کەوتە دەست دەوڵەتێکی یەکانگیر (متمرکز) کە کەمایەتییەک بەڕێوەیان دەبرد. کەمایەتییەک کە بەتوندی هەموو دەسەڵاتێکی دەوڵەتییان خستبوە پاوانی خۆیان. شان بەشانی ئەم وەزعە بەشێکی هەڵبژاردەش وەک ڕێبەرانی حیزبی، بەڕێوەبەرانی پیشەکان، کاربەدەستانی دەوڵەت، ئەفسەرەکانی ئەرتەش و روناکبیران و هونەرمەندان بوون بە توێژکی سەرپشکی خاوەن دەسەڵات. پاش ماوەیەک ئەم توێژاوتوێژ کردنی کۆمەڵگا و ڕیزبەندی پلەی کاربەدەستیی لە ناو کۆمەڵگادا بە تەواوی جێگای خۆی کردەوە و بوو بە شتێکی ئاسائی. ئەم ڕەوتە شوێنی لەسەر سازبوونی جۆرێکی دیکەی کەڵەکەکردنی سەروەت دانا و دەوری لەسازکردنەوەی قەوارەیەکی

[٤] ـ ترۆتسکی لە کتێبی خەیانەت بە شۆڕش.



کۆمەڵایەتی نوێدا گێڕا. ئەم وەزعە بەرژەوەندیی تایبەتیشی بۆ کەسانی خاوەن ئیمتیاز لەگەڵ خۆی هێنا. ئەمانە نەک هەر داهاتی زیاتریان بۆ دەستەبەرکرا، بەڵکو گەلێک ئیمتیازی تاقانەشیان پیبڕا، وەک شوێنی باشتری ژیان (ماڵی هەوارگەیی لە دەرەوە و باڵەخانەی ڕازاوە لە شارە گەورەکان)، پیراگەیشتنی زۆر باشتری پزشکی، ئیمکاناتی باشتر بۆ پەروەردە و بارهێنان، جیسانەوەی باش لە دەورانی پشودان، ماڵ و بارگە وبنەی تایبەتی بۆ ڕاوکردن، سەیارەی تایبەت و دەست ڕاگەیشتن بە خواردەمەنی دەگمەن کە لە بازاردا وەگیر نەدەکەوتن. ئاشکرایە ئەوەندەی مەسرەفی ئەم توێژەی سەرەوە دەچووە سەر، هێندەش کەمتر دەکەوتە بەر دەستی خەڵکی دیکە. ئەمە وای لێهات کە دەسەڵاتەکانی توێژی سەرەوە و ملۆمۆشەکانیان بە میرات بە ماڵ و مناڵەکانیشیان دەبڕا. تەنیا لایەنی باشتری ئەم دیاردەیە لەچاو بارودۆخی سەرمایەداری ئەوە بوو کە خاوەنیەتی تایبەتی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنان بە میرات نەدەگوێزرایەوە.

لە یەکێتی سۆڤیەتدا فەرماندەهییەکی بەهێزی خاوەن دەسەڵات، لەسەرەوە بۆ خوارەوە باڵی بەسەر زۆربەی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری تەواوی وڵاتدا کێشابوو. خاڵی زەق و بەرچاوی ئەو میرمەزنییە بەربڵاوە بریتی بوو لە وشکارۆیی و زەبرداری (تصلب) لە لایەک و هەستی بەردەوامی دڵەڕاوکێ لە ناو توێژی خاوەن دەسەڵات لە لایەکی‌تر. بەو مانایە کە ئەوان پێویستییان بەوە هەبوو بەرژەوەندی خۆیان بپارێزن و کارێکی وانەکەن شوێن و پلەوپایەی تایبەتی خۆیان لەدەست بدەن و تەنانەت ترسی گرتن و زیندانیش لەسەر ڕێگایان بوو. میرمەزنی بە گشتی باڵی بەسەر هەموو ناوەند و بنکە و دامودەزگاکانی دەوڵەتی و سەندیکا پیشەیییەکاندا کێشابوو. بەمجۆرە سیستمی دەسەڵات لە یەکێتی سۆڤیەت لەناوخۆیدا ناتەبایی و دژایەتی تایبەت بەخۆشی خولقاندبوو. سەرچاوەی ئەم ناتەبایی و دژایەتییە دەروونییانە دەگەڕایەوە بۆ قەوارەیەکی بوروکراتیک کە بە تەواوی دابڕاو لە خەڵک هەڵدەسوڕا و هێندە وشکارۆ و نەساز بوو، ئەوەندە بە مکۆمی پێی لێ داگرتبوو کە دەیتوانی بەری هەرجۆرە چاککارییەکی سیاسی و ئابوری لە

پێناو باشترکردنی برشتی بەرهەمهێنان و دابەشکردندا بگرێ و پووچەڵیان بکاتەوە. شان بەشانی ئەم وەزعە جیاوازی هەلومەرجی ژیان لەناو بەشە جۆربەجۆرەکانی دانیشتوانی کۆمەڵگا و لەنێوان کۆمارەکان و ناوچە جۆربەجۆرەکان پەرەی گرت. توێژی سەرەوەی ناوەندی لە هەرکام لە کۆمارەکان بەتوندی بەشوێن ئەوەوە بوون کە دەستیان بە پلەیەکی بەرزتر، شێوە ژیانێکی تێروتەسەلتر بگات، ئەو جۆرە ژیانەی کە چینە داراکانی ناوەند و سەرەوەی رۆژئاوا هەیانبوو.

دووهەمین جۆری لادان لە بنەماکانی سوسیالیزم لەسەر هەڵوێستگرتن سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیی هاتەپێش. قەیسەر و ئەشرافەکانی روس بە هەموو برست و تواناوە مەڵبەندێکی پان و بەرینی پێکهاتوو لە گەل و نەتەوەی جۆربەجۆریان خستبوە ژێر رکێفی خۆیان و ئیمپراتورییەکی مەزنیان سازکردبوو. پاش روخانی ئەم ئیمپراتورییە ناکۆکی کەوتە ناو رێبەرانی حیزبی کمونیستی سۆڤیەت کە چۆن وەک سوسیالیستێک لە بارودۆخێکی وادا بجولێنەوە. لنین هەڵوێسێکی قایمی هەبوو. ئەو پێکهێنانی فدراسیۆنێک لە وڵاتە جۆربەجۆرەکانی پێ باش بوو کە هەرکامیان مافی جیابوونەوەشیان هەبێ. هەروەها لەو بروایەدا بوو کە دەبێ یاسای بنەڕەتی جۆرێک دارێژری کە سەرۆک کۆماری سۆڤیەت بەدەورە لە ناو نەتەوە جۆربەجۆرەکاندا بگەڕێ. ستالین ئەم پێشنیارانەی لنینی بە هەڵوێستێکی رومانتیک ناودەبرد و گاڵتەی پێ داهات. سەرئەنجام فدراسیۆنێک لە دەوری روسیا پێکهات و بەروسی کردنی (ئەیالەتەکان) کرا بە قانونی.[5]

شوێن و پێگەی باڵادەستانەی روسیە(لەچاو کۆمارەکانیدیکە) لە بەرنامەکانی پەرەساندنی ئابوریدا کە دواتر دارێژران رەنگی دایەوە. ئەوە ڕاستە کە کۆمارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئاسیایی سۆڤیەت لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبر لە گەلێک رووەوە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو پێشەوە چوون و ئاستی ژیان، خوێندن و بارهێنان و ئاسانکارییەکانی فەرهەنگی لە

[5]– For Lenin_s views on bureaucracy and nationalism see Moshe Lewin, Lenin_s Last Struggle (New York: Monthly Review Press, 1983)



کۆمارە ئاسیائییەکانی سۆڤیەت لەچاو وڵات و نەتەوە دراوسێکانیان زۆر لەسەرترەوە بوو. ئەوەش ڕاستە کە دەستی پێشکەوتن و ئاوەدانی گەیشتە کۆمارە ئاسیاییەکانی سۆڤیەت. بەڵام سەرای ئەمەش جیاوازی گەورەی نێوان ناوەند و بەشەکانی دەوروبەر هەروا مایەوە. حەفتا ساڵ پاش شۆڕشی ئۆکتۆبر لە کتێبی سەرژمێری رەسمی یەکێتی سۆڤیەت (١٩٨٧) هاتووە کە: ‹‹٢١٪ی خوێندکارانی وڵات لەو قوتابخانانەدا دەرس دەخوێنن کە سەنتەری گەرماییان نیە، ٣٠٪یان ئاوی لولەکەشییان نیە و ٤٠٪یش ئاوەڕۆ و دەڕەفتیان نیە››[6]. ئێمە پێمان وایە ئەم کەموکوڕیانە دەگەڕێتەوە بۆ بەرنامەڕێژی ناوەندی (لە روسیا) کە گرینگییان بۆ جێگای دیکە دانابوو، هەربەم بۆنەوە بۆ نمونە لە تورکمەنستاندا ٦٠٪ی زاینگەکان، بەشە جۆربەجۆرەکانی پزشکی و نەخۆشخانەکان ئاوی لولەکێشییان نەبووە. زیاتر لە دوو لەسەر سێی نەخۆشخانەکان لولە کێشی ناوخۆییان نەبوو.[7] بێگومان شۆڕشی ئۆکتۆبر قازانج و دەسکەوتێکی گەورەی بۆ وڵاتە داگیرکراوەکانی روسیای پێشوو هەبوو، بەڵام جیاوازی گەورەی نێوان ناوەند و قەراغ هەروا مایەوە. ئەم خشتەیە سیمایەکی گشتی لە جیاوازی رێژەی بەرهەمی پوختە نەکراوی ناوخۆیی سەرانەی روسیا لە گەڵ چەند کۆماری ئاسیایی ـ دوای ٧٠ ساڵ تێپەڕبوون لە شۆڕشی ئۆکتۆبر ـ نیشان دەدات.[8]

| بەرهەمی پوختە نەکراوی ناوخۆیی سەرانەی چەند کۆماری ئاسیایی لەچاو روسیە(١٩٩٠) | | | |
|---|---|---|---|
| کۆماری روسیە | ١٠٠ | کۆماری تاجیکستان | ٣٩ |
| ... ئازەربایجان | ٦٠ | ... تورکمەنستان | ٤٧ |
| ... قرقیزستان | ٤٦ | ... ئۆزبەکستان | ٥٥ |

جگە لە جیاوازییەکانی نێوان روسیە و وڵاتە داگیرکراوەکانی پێشووی قەیسەری، جیاوازی گەورەی نێوان بەشە جۆربەجۆرەکانی روسیا (لەنێوان

[6] - The U.S.S.R. in Figures for 1987 ( Moscow: Finansy, 1-18 Statistika 1988)
[7] - Nikolai Shmeiev and Vladimir Popov, The Turning Point ( Doubleday, 1989)
[8] - A. Maddison , The Word economy: A Millenial Perspective (OECD,1001)

مسکۆ و ناوچە دواکەوتووەکانی) لەمەر ئاستی ژیان و باری گوزەران هەروا لە جێی خۆی مایەوە.